

# سبەینێم دێتەوە یاد

**دڵشاد عەبدوڵڵا**

شەو هەرچەندی درێژیش بێ
بەیانییەک چاوەڕێ دەکا، تاریکی لابدا لەسەر ڕووی.
هەندێکجار، ئەو یاسایەی سروشت
بەراورد دەکەم لەگەڵ داهاتووم
دەڵێم، سبەینێ
لە کونجێکی ئەم شارەدا، یان هەر شارێک
خوێندەوارێک

# دەق

لە ئارامغی دەقێکمدا
دوو چاوی پڕ لە ڕووناکی دەبینێ
دیوانەکەم هەڵدەگرێ
لە باخچەیەکی گشتیدا
بە دەنگی بڵند دەیخوێنێتەوە
ئەوەی لەوپەڕی هێمنی نووسیومە
دەبێتە ئینجانەی خەونی نەوەیەک.
وەکی دەریایەک شەپۆل بدا لە ناوەخۆیدا
کتێب لە دوای کتێبم دەنووسم
سڵ لە هیچ شت ناکەمەوە.
نایشارمەوە
هەندێکجاریش، ترسێکی ئەستوور دەنیشێ
دڵ پڕ دەکا لە تەمی ناکامی
ئەو دڵە تەنیایە ختووره دەکا: لەشکرێک بێ
لەپێش هەموو شتێکدا
کتێبەکان بسووتێنێ بەوانەی منیشەوە
سەروەتی من هەر کتێبە
ئەوسا ناوم بەیەکجاری دەسڕێتەوە
نە باخچە دەمێنێ بۆ گوڵ و مڵ
نە بادە هەڵدەدرێ
نە گوێی مەمکێک لە پشت کراسی تەنکەوە
چاو لە شیعرێکم دادەگرێ
هەر بەردە و لەسەر بەرد کەڵەکە دەکرێ
هەر فەتوایە و بۆ کوشتنی من دەدرێ
ئەو سوپای جەهلە بەو هەموو شیر و تیرەوە
لە کۆنەوە هەر هاتووە
دەستی بۆ بەهرەی ڕووناکی بردووە
گەنجینە هەرچیی تێدایە

هەمووی تاڵان کردووە
ئەو ترسە لە جێی خۆیدایە
جوانی لەناو قەدەوە شکایە
یەکێک بە تەنیشتمەوە ڕێ دەکا، لموزی ناوە بە هەواوە
هەموو شتێک بۆن دەکا
سێبەری دەئاڵێنێ لە سێبەرم
دەست دەنێتە بینەقاقام
لەناو چین چینی وشەدا
جانتای سەفەرم دەگەڕێ
گەرای دادەنێ
لەسەر کورسیی شیعر دانیشتووم
بە هەویام لافاوی جوانی هەڵبکا
دارعەسایەکی سیحرم لە دەستە
لە ئاوی بدەم ئاو ڕادەوەستێ
چرایەک دەسووتێ لە دوورایی شەو
خۆم داوەتە بەر ڕووناکییەکەی
ژیان پشتی چەماوەتەوە لە بێماناییدا
چاوی کز بووە
گومانم هەیە بەو چاوانەی بتوانێ بمخوێنێتەوە
ئامادەیە بۆ کوشتنم
سڵ لە هیچ شت ناکاتەوە
ئەی دڵ! گوێ مەدە ئەو سوپاو ئەو هەڕەشەیە
ئەوەی تۆ پێی مەستی
دەستی گرتووە بە بنی کەونەوە
ڕۆژ ناخییەتی ناکوژێتەوە
بێستون چی پێکرا لەگەڵ فەرهاد؟
یان سەحرا لەگەڵ مەجنوون؟
بەو هەموو هێزەی لە مەیدایە



کۆڕم بەستووە لە سایەی خەیامدا
دوا ماڵیشم پەلکی گیایە لەلای واڵت ویتماندا
هەتا ئەو خولیا تەڕ و پاراوە ماوە
یان مەمکێک شیری تێدا زاوە
هەر کانییە دەتەقێ
هەر شەوە هەرەس دێنێ
دڵم بە هەوا خۆشە بە هەوا
مەیگێڕ پیاڵەی لێ پڕ دەکا
مەیخانە چۆڵیش بێ
ئەستێرەیەک لە دوورەوە بادەم لەگەڵدا هەڵدەدا
هەورێک بە کراسی تەنکەوە بەرامبەرم دادەنیشێ
تا تەواو مەست دەبین
دەخۆینەوە
نەشئەم دەداتێ ئەمما نەشئەی خودایی
ئەو نەشئەیە بەشی چەند ژیانێک دەکا
بەو پێنج و دوو ڕۆژە تێر نابم لێی
نائومێدی ڕەگ دەهاوێ، ئەو هەموو ڕەگە یەکێکیان
هەردەگا بە ئومێد
سوونەتی یاخیبوون ئاوهایە
پەنجەرەی شیش بەندی زیندان
چەند بڵندیش بێ
ئاسمانێک دەردەکەوێ تێیدا
دڵ بەهرەمەندی ئەو پارچە ئاسمانەیە
لە فەرهەنگی زماندا زەریا، بەو هەموو پان و پۆڕییە
وشەیەکە لە چەشنی قەترەیەک
سەوڵ لێدە ئەی دەریاوان!
بەسەر پشتی ئەو ئاوەوە
سەوڵ لێدە گوێ مەدە شەو



گوێ مەدە ئاو
کەنار لەناو پێچاوپێچی ئەندێشەدا
وا خەریکە دەسڕێتەوە
چوومەتە ناو قەدی دار هەنجیرێک
تۆز و خۆڵ نیشتووەتە سەر پەلکی
زمانی شیرین لەو دارە فێر بووم
یان بوومەتە دار توویەک پڕ کرمی ئاوریشم
بەهرەی چنین
ئەو کرمە پێی داوم
چەندە نەشمیلە ئێوارە بەو کراسەی بۆم چنیووە
شەڕی من و وشکبوونەوە
لە شوێنێکدا دەستی پێکرد
پەلی هاویشت بۆ هەموو جێ
بوونم هەمووی لە شەڕدایە
شەڕ بردنەوە و دۆڕانی هەیە
مەسیحم بە!
حەللاجم بە ئەی دڵی خۆم!
لەو شەڕە نابێ بدۆڕێم
زەمانێک لایەکی سێبەرە و لایەکی تاوە
بەو سێبەرە نووساوم بە زەوییەوە
بەو تاوە لە سەرێم
ئاسۆیەکان دەگەڕێم
هەتا دێ نەوەم زیاتر دەبێ
هەتا داهاتوویەکی دوور
زمانم زاوزێ دەکا
ئەو هەموو فرزەندە بە باوەشەوە
مار کوێر دەبێ ئەو هەموو زمرووتە دەبینێ لە مندا
ئەو هەموو گەڕیدە و خەوندیدەیە کۆبووینەوە لێم

ئاگرێک دەکەمەوە
گەرماییەکەی بگاتە گشت جێ
مەبەستم نییە کەس بسووتێ
گوناهی من نییە ئەوانەی لە کێشی پووش و پەڵاشن
کزەبایەک لێیان دەدا
خۆیان دەدەن لە بڵێسەی ئەو ئاگرەو هەڵدەپڕووزێن
شەو تەماشایان دەکا
بەیانی کە دەگا
هەر خۆڵەمێشیان ماوە
پێڵووم دەخەمە سەر یەک تاوێک
لە خەونێکدا
دەریایەک دەلەرێتەوە
کەشتییەک بەسەرییەوە
دەڕواو ناگەڕێتەوە

**سەرەتای ٢٠١١ هەولێر**